# تۆپەڵە قوڕەکان




**ساقی بارزانی**

www.klawrojna.com

**ڤیرجینیا - ئەمریکا**


**بە فەرمانی عەشقێکی  بێ ئۆقرەی یاخیبوو خولقێنراین**

**هەر بەو عەشقەش هەلخەڵەتێنراین ! و**

**ڕاونراینە نێو گەردوونێکی خۆڵاوی**

**کام ڕازە بوو دزەی کردە نێوان،**

**سکاڵای عەشق و ژیان...؟**

**عەشق و مردن ......؟**

**کام بڵێسەی خۆشەویستی بوو،  قوڕی جەستەمی سازاند  ؟**

.....تەرمی  قوڕیی یاخیشی کردمە قەقنەس

بۆ ڕاستکردنەوەی کام ئەفسانە خوڵقێنراین ؟

ئەو کاتەی گڕی بوون تۆفانێک ووشەی یاخیی ئاخنیە باڵەکانی ڕۆحم  ،

کام سێبەر بوو لە گەردوون تووڕە بێت و ماچم بۆ بێنێ  بە دیاری؟

کە لە نووتەکی ڕەهاییدا فڕێ دراین،

❉  بۆ "پرۆمتەی قەفقازەکان

ساباتی کام گوڵجاری ئەڤین ئۆقرەی داین ؟

❉❉❉

لە بەرەهووتدا،

ئێمە نەمردین و خۆمان خۆمان خوڵقاندەوە

خۆمان بووین بە من و منیش بەخۆمان!

ئێمە نەمردین و  لە پاڵ چنارە بەژن زراڤەکانی مەبهوت ،

ئێشکچی کازیوە بووین !

ئێمە نەسووتاین ، لە دۆزەخدا کۆیلەی فریشتەکان بووین و

لەسەر زەمینیش قامچی زەمینییەکان!

بۆ سیسەگوڵەکانی ئەڤین کانیاوێکی تێنوو بووین  !

و ڕۆحە ڕاونراوەکانمان کردە چەپکە گوڵێک

بۆ قوربانیی هەڵەی تۆپەڵە قوڕەکان .

کە لە ئەبەدیەتێکی بێڕێنوومای بێ زەمەن

گێنگڵمان دەخوارد ،

! ئەستێرەمان دەکردە پەیڤ

! مانگەکان بە چاویلکە

بە دووی گەردوونێک دا وێڵ بووین ،

بە لێشاوی حەزی ئاگرین

!!بۆ ؟؟

دەگەڕاین؛

بۆ ترووسکەیەک زەردەخەنەی ئاسمانەکان!

بۆ ساتەکانی سک پڕبووی ئۆمێدە وونەکان!!

دەسووتاین،............ بە ئاوازە حەزینەکانی شەونم و

دەگریاین،........ بە ڕووبارەکانی وەهم، کە دەچۆڕایەوە

نێو ......... پانتایی خەوە بزماریەکانی عیسا !

تا دوا سرنج.......... ترازاین!

تا دوا هێڵی سنوورەکانی قەدەغەکراوی گەردوون.......... ڕاونراین!

لێ گەڕاینەوە ناو شەپۆلەکانی تەمەنی نوح

بەرەو نووچدان........بەرەو نسکۆ ......... بەرەو مردن!

ڕەها کراین ......هەپروون هەپروون کراین و

نەمردین و

هەر گەڕاینەوە ...

❋❋❋

نەبووین بە کەس و نەش  دەمردین

نەبووین بە یەک !

هەر هەمووومان خۆمان ژمارد نەبووین بە یەک .....هەر سفر بووین !!

ئێمە  پەرتەوازەی عەدەم بووین

و لە زبڵدانی ئاسمانەکانا تۆپەڵە قۆڕێ

بە ئاوەژوویی،  فڕە دراینە سەر زەوی

❋❋ بووینە مەعدوومەکانی زەمین

بووینە  چزی بنبەستی نەمان بۆ پاراستنی زەمینیەکان

لە تووڕەیی خواوەندەکان

❋❋❋

ئێمە کێ بووین ؟؟؟

سرووده خەزانیەکانی تەمەنی  پێگەییوی قودسیەت

گوناهە نەدیترا و نەکراوەکانی ئەبەدیەت

ئێمە چی بووین ؟

کەرەسەی داستانێکی نەووتراوی حەقیقەت ،

پەڵکە زێڕینەیەک لە خەوەکانی ماچ ,

ئوستورەیەک بۆ ڕوونەداو و نەووتراوەکان

گومانە بزربووەکانی یاخیبوون

سەمایەک لە حەزینترین سترانەکانی گەردوون

❋❋❋

ئێمەین لە بەرایی مێژوو تا دواترین ساتەکانی وێڵین

لە بنبەستێکی بێبن و گرێ کوێرەیەکی بێکۆتایین

تۆزی مێژوو بەسەر ڕۆحمانا ئاڵاوە

لە پیرۆزییەکی ونبوودا وونین...!

لە ناو خەونێکی قووڵدا خەوتووین

بێ سڵەمینەوە لە ترسی دۆزەخ و هەڵپرووکان و شێتی

بووینە سەرابێکی نامۆی ئەفسوناوی ،

لە کرێوەی زستانێکی بێ ئومێد.

بەستەڵەکێکی بەهاریین

***

## ئێمە قەت نامرین

چەند بزر بن ئاواتەکانمان،چەند بەسوێ بن ژانەکانمان

لە نێو شەختەی زەماندا و

لە دوتۆی مان و نەماندا

لە نووتەک و لە مەرگستاندا

سەر دەنێینەوە و دەڕوینەوە،

بۆ سەرچاوەی تۆپەڵە قوڕە زەمینییەکان

و بە پانتایی عەشقێکی وونی خواوەندی

بە گەورەیی گەردوون

خۆمان دەدۆزینەوە

و

دەبینەوە خۆمان

و خۆمان خۆمان ناودەنێینەوە

و خۆمان چارەنوسمان دەنەخشێنین

ئێمە ئەوانەین بە عەشق هاتووینە و بە عەشق سەردەنێینەوە بۆ ئەبەدیەت

و داستانی تۆپەڵە قوڕەکان ڕاست دەکەینەوە!!

---

ئاماژەیەکە بە فەلسەفەی ئەستورەکانی یۆنان سەبارەت بە چونێتی خوڵقاندنی مرۆڤ و کوێلە بوونی بە دەست❊ خواوەندەکانی . ئەو کاتەی خوای زئوس بە دزیەوە ئاگر - پرۆمتە دەداتە مرۆڤ بۆ ڕزگاری لە تاریکی، خواوەندەکانیتر ئەو خوایە مەنفا دەکەنە سەر شاخەکانی سارِد و سرِی قەفقاز و لاشەخۆرێک ڕۆژانە جگەری دەخوارد و بە شەو دووبارە دەرِواوە.. لێرە مەبەست لەو ئاگرە - درک و شعورە - کە درا بە مرۆڤ و مرۆڤی پێ یاخی کرد.

ئاماژەیە بە کتێبی فرانتیز فانون "نەفرەت لێکراوانی سەر زەوی - "Les Damnes De La Terre" ❊❊